وەزارەتی پەروەردە لەبارەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم لە سنووری پەروەردەکانی سلێمانی و هەڵەبجە بڵاودەکات

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسراوەکدا کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتی پەروەردەکانی سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و راپەڕینی کردووە، شەوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نمرەی تاقیکردنەوەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی سنووری ئەو پەروەردانە دیاریدەکات.

ڕۆژی پێنجشەممە (21ـی کانوونی یەکەمی 2023) نووسراوەکە بە ژمارە (15122) واژەکراوە و ئاماژە بەوە دەکات، ئەو قوتابییانەی نمرەی هەڵەسەنگاندن و نیوەی وەرز (10-20-10)ـیان هەیە، ئەوا پێویستە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەسەر (60) نمرە ئەنجام بدەن.

هەروەها لە خاڵی دووەمدا هاتووە، ئەو قوتابخانانەی نمرەی تاقیکردنەوەی نووسینەکی (20) نمرەیان ئەنجامنداوە و نمرەی هەڵەسەنگدانیان هەیە، ئەوا پێویستە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی لەسەر (80) نمرە ئەنجامبدەن و بەم شێوەیە لە سیستم تۆماری بکەن:

١. نمرەی بەدەستهاتوو لە (80) نمرە دابەشی (4) بکرێت بە دەرهێنانی (20) نمرەت تاقیکردنەوەی نووسینەکی.

ب. نمرەی بەدەستهاتوو لە (80) نمرە لەکدانی (0.75) بکرێت بە دەرهێنانی (60) نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز.

ت. نمرەی کۆتایی لە هەردوو خاڵی (ا و ب) نزیکبکرێتەوە بە نمرەی تەواو ئێگەر نمرەکە بە کەرت دەرچوو.

هاوکات لە خاڵی سێیەمی نووسراوەکەدا جەختکراوەتەوە، ئەو قوتابخانانەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم ئەنجام دەدەن بە وەرزی دووەم لەسەر هەمان ساڵنامەی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە بەردەوام دەبن.

بەهەی بەردەوامی دواکەوتنی مووچە و شایستەدارایییەکانی هەرەمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، فەرمانبەران تەواوی مووچەکانیان وەرنەگرتووە و مامەستایانیش لە سنووری پارێزگای سلێمانی ماوەی زیاتر لە دوو مانگە بایکۆتی خوێندنیان کرد.